# خۆکوژی داواکارێکی پەنابەری سیاسی لە دانمارک

ڕۆژی 23 ی یونی خۆپیشاندانێک لە لایان پەنابەرانی ئێرانی لە بەر پارلەمانی دانمارک بەڕێوە چوو. ئەم خۆپیشاندانە بۆ دەربڕینی دەنگی نارەزایەتی لە دژی سیاسەتی نامرۆڤانەی پەنابەری لە دانمارک و خۆکوژی پەنابەرێکی سیاسی لە دانمارک بەڕێوە چوو.

"مەجید سەماوی" داواکاری پەنابەری ئێرانی، خەڵکی تاران، خاوەن هاوسەر و دوو منداڵ بوو، ماوەی نزیکەی یەک ساڵ لەمەوبەر لە دانمارک داوای پەنابەری سیاسی کرد، بەڵام لە ڕێکەوتی 16 ی مانگی یونی 2006 ی زایینی، وڵامی ڕەفزی یەکجاری لە شۆڕای بەرزی پەنابەری لە دانمارک وەرگرت، پۆلیس پێی ڕادەگەینێ کە ڕۆژی 19 ی یونی دیپۆرتی ئێران دەکرێتەوە. "مەجید سەماوی" یەک حەوتوو بەر لە خۆکوژی دەماری دەستی خۆی دەبڕێ، بەڵام بەداخەوە دایرەی پەنابەرانی دانمارک هیچ بایخێک بە دۆخی نالەباری دەروونی ناوبراو نادا. "مەجید سەماوی" لە کەمپی پەنابەران لە "هانستهۆلم"، لە باکووری جزیرەیەک لە نێوان دەریاکانی دانمارک و نۆرویژ لە گەڵ خێزانی دەژیا.

2186 داواکاری پەنابەری سیاسی لە دانمارک وڵامی ڕەفزی وەرگرتووە و چاوەڕوانی دیپۆرتکرانەوەن، بەشێک لەمانە پەنابەری ئێرانین. نیوەی ئەم پەنابەرانە تووشی گیروگرفتی دەروونی بوون، زۆربەیان زیاتر لە 4 ساڵە لە دانمارک بێ وڵام ماون، زۆربەی ئەمانە لە کەمپەکانی "سەندهۆڵم" و "ئاوانستروپ" دەژین، ئەم کەمپانە، وەکو زیندانی کاتی و حوکم نەدراو وایە.

"یەکیەتی ئورووپا" و "ڕێکخراوی پەنابەری نەتەوە یەکگرتووەکان" چەند جاران سیاسەتەکانی دەوڵەتی دانمارکی لە بواری توندوتیژی دەرحەق بە داواکارانی پەنابەری سیاسی مەحکووم کردوە، بە تایبەت بە هۆی مانەوەی درێژماوەی منداڵانی پەنابەران لە کەمپەکان.

بەشی پەنابەری مەڵبەندی سکاندیناڤی کۆمەڵە باقی تالیبالعیلم

2 ی یونی 2006 ی زایینی

وێنەی "مەجید سەماوی" لە گەڵ منداڵەکەی




کچەکەی نابێ لەمە زیاتر چاوەڕوان بێت...